
# فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلم
# لە دهۆک کۆتایی هات





لە رۆژانی ٩-٢٠١٢/٩/١٦ شاری دهۆك فیستیڤاڵی نیودەڵەتی فیلمی بە خۆیەوە بینی بە بەشداری ٧٨ فیلمی سینەمایی، دیكۆمێنتاری و كورتە فیلمی بیانی و كوردستانی و بە ئامادەبوونی زیاتر لە ١٠٠ سینەماكاری كوردستان و جیهان، جگە لە تەرخانكردنی بەشێكی تایبەت بە فیلمە سینەماییە ئیتالییەكان كە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەنگاوێكی باشە بۆ برەودان بە سینەمای كوردی.

لە ئاهەنگی دەستپێكردنی فیستیڤاڵ عادل حەسەن سەرۆكی لیژنەی بەڕێوەبردنی فیستیڤاڵ وەك رێزلێنانێك بۆ هەوڵەكانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ پێشخستنی سینەما خەڵاتێكی تایبەتی پێ بەخشرا، عادل حەسەن ئاماژەی بە بودجەی تەرخان كراوی ئەو فیستیڤاڵە كرد و بەشێوەیەكی شەفاف بودجەكەی بۆ ئامادەبووان ئاشكرا كرد كە بەم شێوەیە بوو: پارێزگای دهۆك بڕی ١٥٠ ملیۆن دیناری دابین كردبوو و وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بڕی ١١٨ ملیۆن دینار، هەروەها ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە چەند سەرمایەدارێكی شاری دهۆك بڕی ٦٨ هەزار دۆلاریان بۆ فیستیڤاڵەكە دابینكرد، ئەمەش سەرەتایەكی باشە بۆ بە بازرگانی كردنی سینەما و هەوڵدان بۆ بڵاوكردنەوەی كلتووری سینەما نەخاسمە ئەم سەرمایەدارانەی ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ ئەوەی لە خولی داهاتووشدا وەك سپۆنسەر بەشداری لە فیستیڤاڵەكەدا بكەن.

پێشوازی كردنی لیژنەی سەرپەشتیاری فیستیڤاڵ لە میوانەكان لە ئاستێكی زۆر باشدابوو ئەمەش مایەی تەقدیرە و نیشانەیەكی سەركەوتنی فیستیڤاڵەكە بوو، رۆژانە لە دوو كاتی جیاوازدا بەیانیان و دوای نیوەڕۆ فیلمەكان نمایش دەكران و جگە لە میوانەكان هاتنە ژوورەوە بە پلیت بوو، دوای كۆتایی هاتنی فیلمەكان دەرهێنەران ئامادە بوون بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكان كە لەلایەن بینەران و سینەماكار و رەخنەگرانەوە ئاراستەیان دەكران سەبارەت بە فیلمەكانیان، رۆژانە كاتژمێر ١١ نمایشكردنی فیلمەكان دەستی پێدەكرد و كاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ تەواو دەبوو، دوای نیوەڕۆش كاتژمێر ٤ دەستی پێدەكرد و كاتژمێر ١١ی شەو تەواو دەبوو، ئەگەرچی لەنێو كاتی نمایشەكە پشوو هەبوو، بەڵام جۆرێك لە پەلەی پێوە دیار بوو و میوانەكان تا رادەیەك ماندوو دەبوون، چونكە هەموو فیلمەكان بە سەب تایتلی ئینگلیزی بوون ئەمەش جۆرێك لە بێتاقەتی لای بینەر درووستكرد جگە لە فیلمە (كوردییەكان) دیارە ئەمەش





بەپێی ستانداره جیهانییەکانە کە فیلمەکان بە سەب تایلتی ئینگلیزی بن.

## بینەری کورد بە فیلمی کوردی ئاشنا بوو

لەم فیستیڤاڵەدا چەند فیلمێکی کوردی نمایشکرا کە بینەر و تەنانەت سینەماکارانیش تەنیا ناویان بیستبوو لە هەواڵەکان نەیاندیتبوو جا لەبەر هەر هۆیەك بێت لەوانە فیلمی (ئەگەر بمری دەتکوژم) لە دەرهێنانی هونەر سەلیم و فیلمی( یەك مومك دوو مومك) لە دەرهێنانی جانۆ رۆژبەیانی و فیلمی (شیرین) لە دەرهێنانی حەسەن عەلی و فیلمی (لە حەشارگەی شێر) کە لە دەرهێنانی فکری بەرۆژی بوو سەرەڕای چەندین کورتە فیلم و فیلمی دیکیومنتاری کوردی.

فیستیڤاڵەکە بە فیلمی هونەرسەلیم (ئەگەر بمری دەتکوژم) دەستپێکرد کە بە هەردوو زمانی فەرەنسی و کوردی بوو، فیلمەکە باس لە چیرۆکی خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچێکی کورد دەکات، کچەکە (سێبا) لە کوردستانەوە روو دەکاتە فەرەنسا بۆ بینینی (عەڤدال) ی خۆشەویستەکەی، بەڵام کاتێك دەگاتە فەرەنسا (عەڤدال) بەهۆی نەخۆشییەکەوە گیان لەدەستدەدا، فیلمەکە باس لە بارودۆخی ئافرەتی کورد و ئەو توندوتیژییەی دووچاری دەبێتەوە دەکات، هەروەها جیاوازی کلتووری وشارستانیەتی تاکی رۆژئاوایی لەگەڵ تاکی رۆژهەڵاتی نیشان دەدات، لەم فیلمەدا کچە ئەکتەری ناوداری ئێرانی گولشیفتە فەراهانی رۆڵی سەرەکی دەبینێت و بە زمانی کوردی قسە دەکات.

فیلمی (شیرین) کە لە دەرهێنانی حەسەن عەلییە باس لە سەربوردەی خۆشەویستی دەکات لەنێوان کوڕێك کە لە فەرەنسا دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان لەگەڵ کچێك کە لە بەشی فەرەنسیدا دەخوێنێت، زۆر ئاخافتنی فیلمەکە بە فەرەنسییە نیوەی فیلمەکە لە فەرەنسا بەتایبەتی پاریس وێنەی گیراوە، بۆ ئەوەی (شوان و بەیان) بتوانن بە فەرەنسی قسە بکەن چەندین خولی زمانی فەرەنسییان بۆ کراوەتەوە، فیلمەکەش لەلایەن هونەرمەند و وێنەگری پرۆفیشناڵی هیندییەوە بە ناوی (بابۆ) وێنەی گیراوە، جانۆ رۆژبەیانی بە فیلمی (یەك مومك دوو مومك) بەشدار بوو ئەویش باس لە چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا باو بوون، فیلمی ( لە حەشارگەی شێر) ئەمەش لە جۆری فیلمەکانی ئەکشن بوو و ماوەی چەند ساڵێکە وێنەگرتنی تەواو بوو، بەڵام مۆنتاژی مابوو و تەواو نەدەبوو لەبەر چەند هۆکارێك کە خودی دەرهێنەر لە نزیکەوە ئاگاداری تەواو نەکردنی مۆنتاژی بوون لە ریگای ئەم فیستیڤاڵەوە جەماوەر پێی ئاشنا بوو، ئەگەرچی رەنگە جەماوەر و رەخنەگرانی سینەما ئەوانەی ئامادەی بینینی فیلمەکان بوون رەخنەیان هەبێت لە زۆر رووەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کارێکی باش بوو هیچ نەبێ سینەماکاران کەموکوڕیەکانی سینەمای کوردی بزانن و لە چاوی بینەری کوردییەوە هەڵسەنگاندنی خۆیان بکەن، چونکە ئەگەر جەماوەری کوردی بە فیلمەکانیش ئاشنا نەبووبێت، ئەوا فیلمەکان ئاراستەی بینەری کوردی کراوە و دەرهێنەران ناتوانن پەیامێك لە نێو کۆمەڵگای کوردییەوە بۆ دەرەوە بنێرن لە رێگای فیلمەکانیانەوە ئەگەر لە واقع دوور بێت.

## کورتە فیلمەکان لە ئاستێکی بەرزدابوون

ئەوەی تێبینی دەکرا بە شایەدی زۆربەی سینەما کاران فیلمە کوردیە کورتەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزدابوون و پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیەوە بینیوە ئەگەر بەراورد بکرێن لەگەڵ ئەو فیلمانەی لە ساڵانی پێشووتر بەرهەم هێنراون و لە فیستیڤاڵەکاندا بەشدار بوون، بەگوێرەی وتەی سینەماکاران ئەو کەموکوڕیانەی لە ساڵانی رابردوو لە کورتە فیلمەکاندا هەستیان پێدەکرا لەم فیستیڤاڵە هەستیان پێنەدەکرا لە هەموو روویەکەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا موژدەبەخشە، چونکە کورتە فیلم هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی درێژ و تا رادەیە ئەرکی دەرهێنەر زەحمەتترە و دەرهێنەر دەبێ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئامانجی خۆی بگەیەنێت وبیپێکیت و جەماوەریش لە مەبەستەکە بگەیەنێت، ئەگەرچی کاراکتەر و لۆکەیشنەکان کەمتریش بن.

## ئامادەبوونی هونەرمەندان و میدیاکان وەکو پێویست نەبوو

یەکێك لەو خاڵانەی کە سەرنجی ئامادەبووانی فیستیڤاڵەکەی راکێشا، نەبوونی میدیاکان بوو وەکو پێویست، دەکرا ژمارەیەك رۆژنامەنووس لە شارەکانی کوردستان ئامادەی فیستیڤاڵەکە بن وەك میوان بۆ ئەوەی رۆژانە چالاکییەکانی فیستیڤاڵ بگوازنەوە و بینەری کورد بە چالاکییەکانی فیستیڤاڵەکە ئاشنا بکەن، ئەگەرچی ژمارەیەکیان بە رەسمی بانگهێشت کرابوون، بەڵام وەکو پێویست نەبوو، هەروەها داوەت کردنی چەند کەسایەتییەکی هونەری کوردی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و دەرەوەی کوردستانیش نەك وەك بەشدار بەڵکو وەك کەسایەتی هونەری سەنگو قورساییەکی زیاتری بە فیستیڤاڵەکە دەبەخشی لە هەمانکاتدا وەك جۆرە رێزلێنانێك دەبوو بۆ ئەو کەلە هونەرمەندانەی ساڵانێکی زۆری تەمەنی خۆیان لەپێناو پێشخستنی هونەری کوردی بەخت کرد و ئێستاش بەردەوامن.

بەشێوەیەکی گشتی فیستیڤاڵەکە لە ئاستێکی بەرزدا بوو بەتایبەتی لەرووی رێکخستن و پێشوازی کردنی میوانەکانەوە ئەگەرچی لێرە و لەوێ رەخنەش هەبوو بەتایبەتی لە دوای دابەشکردنی خەڵاتەکان، ئەمەش شتێکی ئاساییە، هیوادارم ئەو کەموکوڕیانەی لە خولی ئەمساڵدا بەدی کران و دەستیان خرایە سەر لە خولەکانی داهاتوودا نەهێڵرێن و فیستیڤاڵەکەش بگاتە ئاستی فیستیڤاڵە جیهانییەکان لە هەموو روویەکەوە.

خەڵاتەکانی فیستیڤاڵەکەش بەم شێوەیە بوون:

١- خەڵاتی باشترین فیلمی درێژ بۆ فیلمی (ئەگەر بمری دەتکوژم) لە دەرهێنانی هونەر سەلیم.

٢- خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی یەکەم بۆ فیلمی (بێدەنگ ) لە دەرهێنانی رێزان یەزلباش.

٣- خەڵاتی باشترین دووەم کورتە فیلم بۆ فیلمی ( وڵاتی قارەمانان) لە دەرهێنانی سەهیم عومەر.

٤- خەڵاتی باشترین سێیەم کورتە فیلم بۆ فیلمی (دالیا ) لە دەرهێنانی شاخەوان عەبدوڵلا.

٥- خەڵاتی باشترین فیلمی دیکیومنتاری بۆ فیلمی (میلۆدی بەردەکان) لە دەرهێنانی پەروێز رۆستەمی.

٦- خەڵاتی رێزلێنانی یەکەم بۆ فیلمی دیکیومنتاری بۆ فیلمی ( کوڕی پێشمەرگە) لە دەرهێنانی زانیار رۆستەمی.

٧- خەڵاتی رێزلێنانی دووەم بۆ فیلمی (پایسکل) لە دەرهێنانی رزگار حوسێن.

# ئیما مەترسیدارترینیانە

ئیما واتسۆنی ئەستێرەی زنجیرە فیلمەکانی هاری پۆتەر لەسەرووی ئەو لیستە هات کە کۆمپانیای (مەکافی) ی تایبەت بە پیشەسازی بەرنامە ئەمنییەکان و نەهێشتنی ڤایرۆسەکان، وەك مەترسیدارترین کەسایەتی ناودار لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت.

کۆمپانیای ناوبراو لە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند واسۆن بە پلەی یەکەم هات لەسەرووی لیستی کۆمپانیاکە بۆ ساڵی ٢٠١٢ بەمەش شوێنی هایدی کلۆمی نمایشکاری جلوبەرگی گرتەوە کە پار ساڵ لە پلەی یەکەمی هەمان لیستدا بوو، هەروەها پاولا گریف بەرپرسی توێژینەوە ئەمنییەکانی کۆمپانیای ناوبراو وتی: زۆر جار بەکارهێنەران بەدوای دوایین وێنە و ڤیدیۆی ئەکتەراندا دەگەڕێن بێ ئەوەی هەست بە مەترسی ئەوە بکەن کە لەوانەیە لەگەڵ کلیك کردنیان لەسەر لینکێك لەوانەیە تووشی ڤایرۆسێك ببنەوە، پاولا هەروەها وتی: کلیك کردن لەسەر لینکی ئیما واتسۆن بە ڕێژەی ١٢,٦٪ مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە ماڵپەرەکە چایرۆس بێت.



شایەنی وتنە جیسکا بێل بە پلەی دووەم و هەر یەکە لە ئیڤا مەندێزا و سیلینا گۆمێز و میگان فۆکس و شاکیرا و کامیرۆن دیاز و سەلما حایك و سۆفیا فیرگارا لە دوایانەوە هاتن.



# جلوبەرگەکانی بووکێنی ئەڤریل سەرسوڕهێنەر دەبن

رۆژ دوای رۆژ گۆرانیبێژی کەنەدی ئەڤریل لاڤیل کاری سەیر و سەمەرە ئەنجام دەدات هەر بۆیەش رایگەیاندووە کە لە ئێستاوە چاوەڕێی کارێکی نوێ بن لە ئاهەنگی بووکینییدا.

ماڵپەڕی (کۆنتاکت میوزیك)ی ئەمریکی لەسەر زاری ئەڤریل بڵاویکردەوە کەوا بیرۆکەیەکی باشی هەیە دەربارەی ئەو کارەی بە نیازە لە ئاهەنگی بووکێنی خۆی ئەنجامی بدات، ئەڤریل هەروەها بە ماڵپەری ناوبراوی وتووە: پێموایە من دەچم لە بازاڕ کۆمەڵێك جلوبەرگی کۆنی بووکێنی دەکڕم و هەڵدەستم بە دڕاندنیان دواتریش پارچەکانی کۆ دەکەمەوە بۆ ئەوەی کراسێکی نوێیان لێ درووست بکەم و دووریش نییە پەنا بۆ دیزاینەرێکی جلوبەرگ بەرم بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات لە تەواوکردنی کراسەکەم، ئەڤریل باسی لە ئەڵقە ئەڵماسییەکەی خۆیشی کرد و وتی: ئەم ئەڵقەیە زۆر جوانە و لەگەڵ هەموو جلوبەرگێك دەگونجێت بۆیە هەمیشە لە پەنجەمدایە تەنانەت لەکاتی نووستنیش دایناینێم.

# شێتەکەی سایرۆس دەستگیر کرا



ماوەیەك بوو کەسێك دەستی کرد بوو بە بێزار کردنی ئەستێرەی گۆرانیبێژ مایلی سایرۆس تەنانەت هەوڵی ئەوەی دابوو بچێتە ماڵەکەی و سایرۆس بە مەترسی لەسەر ژیانی خۆی دەزانی.

ماڵپەڕی (تی ئێم زی) لەم بارەیەوە رایگەیاند جایسۆن لویس ریڤیرای بە کەفالەتی ١٠٠ هەزار دۆلار ئازاد کرد دوای ئەوەی بە تۆمەتی دەستدرێژی کردنە سەر موڵکی تایبەت و هەوڵدان بۆ راکردن لە دەست پۆلیس، دادوەر هەروەها بڕیاریدا کە پێویستە ریفیرا لە دووری ٥٠٠ یاردە لەو شەقامە دوور بێت کە ماڵی مایلی سایرۆسی لێیە.

شایەنی باسە ریڤیرا خۆی بە یەکێك لە موعجیبە شێتەکانی سایرۆس دەزانیت وکاتێك مقەسێکی لە دەست بوو و لە دیواری ماڵی سایرۆس چووە ژوورەوە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا و کە پۆلیس لێیان پرسی بۆچی هاتوویتە ئێرە لە وەڵامدا وتی: هاتووم بۆ بینینی مایلی سایرۆس.




# دوای تەڵاق
# کێشی کروز دابەزیوە

دوای تێپەڕبوونی تەنیا دوو مانگ لە جیابوونەوەی لە توم کروز، کیتی هۆڵمز دەستی بە ژیانی ئاسایی خۆی کردەوە و بەشداری لە هەفتەی نیویۆرك بۆ جلوبەرگدا کرد وەك یەکەم هەنگاو بۆ دەستپێکردنەوەی ژیانی خۆی.
واپێدەچێت جیابوونەوە یارمەتی کیت هۆڵمزی دابێت بگەڕێتەوە بارودۆخی جارانی و جیابوونەوەی لە توم کروز کاریگەرییەکی سلبی نەبێت لەرووی دەروونییەوە، بەڵام بارودۆخی توم کروز زۆر جیاوازە لە کیت و تووشی شۆك بووە لە جیابوونەوە، بەر لە چەند رۆژێك ژمارەیەك لە وێنەگران وێنەی کروزیان گرتبوو لە لەندەن و لەسەر و سیمایەوە دیار بوو کە جیابوونەوەی زۆر کاری تێکردووە بەڵگەش بۆ ئەمە کێشی توم کروز زۆر دابەزیوە تەنانەت هەندێك کەس بە گاڵتە بە (سێبەر) ی کروزیان ناوبرد، جگە لە دابەزینی کێشی لەش هیلاکی و ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیاربوو.

# لە تەمەنی ٨١ساڵیدا بەردەوامە لە نمایشکاری جلوبەرگ

کارمن دیل ئۆلڤیسی ٨١ ساڵی سەلماندی کە یەکێکە لە بە تواناترین کچە نمایشکارەکانی جلوبەرگ لە جیهان دوای ئەوەی لە هەفتەیەکدا دووجار بەشداری کرد لە هەفتەی مەرسیدس بێنز بۆ جلوبەرگ کە لە نیویۆرك ئەنجامدرا.



یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٦ کارمن لەسەر بەرگی گۆڤاری فۆگ دەرکەوت ئەو کات تەمەنی ١٥ساڵ بوو و لەم نمایشەی کە بەر لە هەفتەیەك ئەنجامدرا، هەرچەندە تەمەنی ٨١ ساڵە، بەڵام زۆر بە ئاسایی و بەبێ یارمەتی دەرکەوت بە کراسێکی کرامیل.
پێویستە بوترێت کارمن دیل ئۆلفیس لە خێزانێکی ئیتاڵی- مەجەری لە دایکبووە، بەڵام زۆربەی کات لەلایەن خزمەکانی بووە و لە ساڵی ١٩٤٦ بۆ یەکەم جار دەرکەوت وەك بچووکترین نمایشکاری جلوبەرگ لەسەر بەرگی گۆڤاری فۆگ، تا ئێستا سێ جار شووی کردووە و ماوەی ٦٦ ساڵە لە بواری جلوبەرگدا کار دەکات.



## داليا:

# گوند بە گوند دەگەڕێین بۆ زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری ڕەسەنی خۆمان

بە جلوبەرگێکی کۆنی کلدانییەوە زۆر بە جوانی لەگەڵ تیپەکەی خەریکی سەما کردن بوو، کاتێك چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد نۆرەیان بێ بۆ پێشکەش کردنی بڕگەکەی خۆیان لێم پرسی کە ڕۆژانە چەند کاتژمێر مەشق دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن ئەم تابلۆیانە بەم شێوە جوانە پێشکەش بکەن، لە وەڵامدا وتی: ئێستا سەیری تابلۆکانی دیکەش بکە ئینجا کە تەواو بووین دێم وەڵامی پرسیارەکەت دەدەمەوە.

دوای پێشکەش کردنی چەندی تابلۆیەکی هونەری جوان کە گوزارشتی لە کلتووری ڕەسەنی کلدانەییەکان دەکرد و بووە مایەی دڵخۆشی و ڕێزلێنانی ئامادەبووان، هاتەوە لام و پێش ئەوەی خۆی بناسێنێت ویستی ڕای من بزانێت دەربارەی ئەو بڕگانەی کە لەگەڵ تیپەکەی پێشکەشیان کرد، ئینجا هات خۆی ناساند و وتی من ناوم دالیایە و لە ساڵی ١٩٩٨ەوە تا ئێستا ئەندامی تیپی فۆلکلۆری کلدانیم بۆ هونەرە میللیەکان، هێشتا پرسیارەکەی منی لە یاد مابوو و وتی: تیپەکەی ئێمە لە دوازدە سەماکاری کوڕ و کچ پێکدێت، ئێمە ڕۆژانە مەشقی خۆمان بە ڕێکوپێکی ئەنجام دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین تابلۆکانمان زۆر بەباشی پێشکەش بکەین ڕاهێنەرەکانمان زۆر یارمەتیمان دەدەن و هاوکاریمان دەکەن، ئەو تابلۆیانەی پێشکەشیان دەکەین



هەموویان گوزارشت لە فۆلکلۆری ئێمە دەکات و هەوڵی ئەوە دەدەین لە فەوتان و لەناوچوون بیپارێزین و دووبارە زیندووی بکەینەوە.

داليا سەبارەت بەو تابلۆ کۆنانە و چۆنیەتی ئەدا کردنی دەڵێ: کارەکە زۆر ئاسان نییە، چونکە زۆر لە جۆرەکانی شایی و هەڵپەڕکێ هەیە ئێمە پێی نازانین، بۆیە لە گوندەکان دەگەڕێین و لە کەسانی بە تەمەن دەپرسین کە زانیاریمان پێ بدەن دەربارەی ئەو جۆرە سەمایانەی کە لە کۆندا هەبوون و ئێستا خەریکە لەبیر دەچنەوە، ئێمە کۆیان دەکەینەوە، سەرەتا لەبەردەم ئافرەت و پیاوە بە تەمەنەکان بەگوێرەی ڕێنماییەکانی ئەوان ئەنجامی دەدەین بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی کە وەك خۆی نوێیان دەکەینەوە و دێین مەشقیان لەسەر دەکەین جاری وا هەیە سەك هەڵپەڕکێ سێ مانگی بەردەوام مەشقی لەسەر دەکەین دواتر بەناوی خۆی واتە ئەو ناوەی لە کۆنەوە پێی ناسرا بوو پێشکەشی دەکەین، لەبەر ئەوەی ئەو شایی و هەڵپەڕکێ کۆنانە تەنیا لای بە تەمەنەکان ناسراوە بۆیە کاتێك دەبینن پێشکەشیان دەکەین زۆر دڵخۆش دەبن و هانمان دەدەن بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەو کارە و ڕزگارکردنی کلتووری خۆمان لە ون بوون.

داليا ئاماژەی بەوە کرد کە تا ئێستا لە چەندین چالاکی و فیستیڤاڵی جیاجیادا بەشدارییان کردەوە، هەروەها لە گشت چالاکییە هونەرییەکانی شاری دهۆکدا بەشدار بوون و دەڵێ: لە فیستیڤاڵی هەولێردا بەشدار بووین مایەی خۆشی و سەربەرزی بوو بۆ ئێمە کە لە وڵاتی خۆمان ئەم فیستیڤاڵە هونەرییە بە بەشداری گرووپی هونەری چەندین وڵات ئەنجام دەدەرێت و ئێمەش بوونمان هەبوو و چەندین تابلۆی هونەری جوانمان پێشکەش کرد.

تیپی فۆلکلۆری کلدانی بۆ هونەرە میللیەکان سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، داليا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تیپەکەیان پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە ، بە وتەی داليا ئەوان تا ئێستا تەنیا یەك جۆر جلوبەرگیان هەیە بۆیە پێویستییان بە جلوبەرگی زیاتر هەیە، چونکە ئەوان چەندین تابلۆی جیاجیا پێشکەش دەکەن کە فۆلکلۆری ناوچە جیاوازەکانە و لەوانەیە شێوەی جلوبەرگی ناوچەکانیش جیاواز بێت، بۆیە ناکرێ هەموو تابلۆ هونەرییەکانیان بە یەك جلوبەرگ پێشکەش بکەن.



# سانا دەنگی لە (هێڤی)ی دایکی خۆشترە و نایەوێ گۆرانی بڵێ

زۆر لەو منداڵانەی کە لە خێزانێکی هونەری پەروەردە دەبن ئەوانیش بەهرەیەکی هونەرییان تێدا بەدی دەکرێت بەتایبەتی گۆرانیبێژان جا ئەم بەهرەیە هەر لە خۆرسکەوە بێت یاخود بە هاندانی دایك و باوکیانەوە تواناکانیان پەرەی پێدرا بێت.

سانا موحسین کچی خانمە هونەرمەند هێڤییە باوکیشی بەر لە چەند ساڵ یەکێك بوو لە موزیسیانە ناسراوەکان، سانا کە ئەم ساڵ قۆناغی دوازدەی خوێندنی تەواو کرد خاوەن بەهرەیەکی هونەری و دەنگێکی خۆشە و جگە لە زمانی کوردی بە زمانەکانی تریش گۆرانی دەڵێ، لە بارەی گۆرانی وتن سانا دەڵێ: لە ئەڵمانیا بەشداریم لە بەرنامەی سوپەر ستاردا کرد و توانیم زۆر سەرکەوتووانە قۆناغی یەکەم ببڕم، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا نەمتوانی بەشداری بکەم، چونکە بەرنامەکە لەو شارە نەبوو کە ئێمە لێی نیشتەجێین، باوکم ئەو کات لە کوردستان بوو دایکیشم نەیتوانی لەگەڵم بێت، بۆیە لە پێشبڕکێیەکە دوور خرامەوە.

سانا حەز دەکات لە بواری ئەندازەی پێوەندییەکان خوێندن تەواو بکات و زۆر ئارەزوو لە هونەر و گۆرانی وتن ناکات هەرچەندە خاوەن دەنگێکی خۆشە، ئاماژەش بەوە دەکات کە لە نێو کورددا وەك پێویست ڕێز لە هونەرمەند و کاری هونەری ناگیرێت و کەس ناتوانێت تەنیا لە ڕێگای هونەرەکەیەوە بژێوی ژیانی پەیدا بکات و دایکیشی وەك نموونە دەهێنێتەوە کە حەز ناکات کچەکەشی بێتە ناوبواری هونەری لەبەر ئەوەی کاری هونەری بۆ ئافرەت کارێکی ئاسان نییە.

جگە لە بەهرەی دەنگخۆشی لە قوتابخانەکەی خۆی لە وڵاتی ئەڵمانیا هەڵبژێردرا وەك تۆپ مۆدێل، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کارە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگای کوردەواری نەدەگونجا بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا بۆیە نەیتوانی بەردەوام بێ لەو کارە.